# راپۆرتی لیژنە سەبارەت بە بووجەی ساڵی ٢٠١٢

لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر لەرۆژی (سێ شەمە) رێکەوتی (٢٠١٢/٥/٢٢) لە کاتژمێر(٣)ی ئێوارە کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان ، جگە لە بەرێز (عبدالله مەلا نوری) ئامادەنەبوو، بۆ تاوتۆی کردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٢ ێ هەرێمی کوردستان ، دوای گفتۆگۆیەکی تێرۆ وتەسەل ، ئەمانەی خوارەوە تێبینی وسەرنج وپێشنیارەکانی لیژنەکەمانە:

یەکەم: سەبارەت بودجەی وەبەرهێنان وبەکارخستن .

هەروەك پابەندبوون بە نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (ك ١٠٤٤) لە رۆژی (٢٠١٢/٥/١٥) ، سەبارەت پابەندبوونی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ماددەکانی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (٨٠/٨١/٨٢ خالی (یەکەم) لە ماددەی ٨٣). بۆیە لیژنەکەی ئێمە وە لەبەر نەبوونی وەزارەتەك یان دەزگایەکی سەربەخۆ و راستەوخۆ پەیوەندی بەکاری لیژنەکەوە هەبێت ، بۆ ئەوەی بتوانیت سەرنج و تێبینی یەکانی خۆمان لەسەر پرۆژەکانیان دیاری بکەین ، وە لەبەر جێبەجی نەکردنی یاسای پاراستنی  مافی بەکاربەری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی کارپێکراو لەهەرێمی کوردستان ، کە بەپێی ئەم یاسایە دەبێت ئەنجوومەنی پاراستنی مافی بەکاربەر لەهەرێمی کوردستان دابمەزرێت . لیژنەکەمان نەیتوانی وەکوپێویست تێبینی و سەرنجەکانی خۆی تۆماربکات لەسەر بودجەی وەبەرهێنان وبەکارخستن ، لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەمان پێ کرد. وە بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەکەمان رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگیرێت لەسەر جێبەجی نەکردنی ئەم یاسایە ، وەدەبێت بە زووترین کات ئەم ئەنجوومەنە پێك بهێنیت بۆ ئەوەی بتوانین بەکاری  چاودیری هەڵستین.

دووەم: تێبینی و پێشنیارەکانی لیژنە لەسەر پرۆژە یاسای بودجە:

١. سەبارەت ماددەی (یەکەم) برگەی (دووەم) ، ئەو برە پارەی تەخمین کراوە بۆ داهاتی ناوخۆ پێوسیتی بە روونکردنەوەی زیاترە، چونکە پێمان وایە کەمە.

٢. سەبارەت ماددەی (یەکەم) برگەی (سێیەم)، داوا دەکەین روونکردنەوەی زیاتربدرێت لەسەر ئیستحفاتی هەرێمی کوردستان لەبەشی پترۆدۆلار.

٣. سەبارەت بە ماددەی دووەم تێبینمان لەسەر نیە.

٤. سەبارەت بە ماددەی سێ یەم تێبینمان لەسەرنیە.

٥. سەبارەت بە ماددەی چوارەم تێبینمان لەسەر نیە.

٦. سەبارەت بە ماددەی پێنجەم تێبینمان لەسەر نیە.

٧. سەبارەت ماددەی (شەشەم) برگەی (دووەم) ، پێشنیار دەکەین لەجیاتی (لمجلس الوزراء) ببیتە (علی مجلس الوزراء .......)

٨. سەبارەت بە ماددەی (حەوتەم) تێبینمان لەسەرنیە.

٩. سەبارەت بە ماددەی هەشتەم تێبینمان لەسەر نیە.

١٠. سەبارەت بە ماددەی نۆیەم تێبینمان لەسەر نیە.

١١. سەبارەت بە ماددەی دەیەم تێبینمان لەسەر نیە.

١٢. سەبارەت ماددەی ( یانزدەهەم) برگەی (دووەم) پێشنیاردەکەین بەمە شێوەیە دارشتنی بۆ بکرێت:

(علی الموسات والوزارات والجهات الغیر مرتبطة بوزارة توزیع عددالدرجات الوظیفة المستحدثة ضمن ملاکات سنة ٢٠١٢ علی ملاکات مؤسات الاقلم والمحافظات والادارات و فق قانون مجلس الخدمة العامة للاقلم.

١٣. سەبارەت بە ماددەی دوانزدەهەم تێبینمان لەسەر نیە

١٤. سەبارەت بە ماددەی ( سێزدەهەم ) پێشنیار دەکەین هەلبوشیتەوە ، لەبەر ئەوە پێچەوانەی یاسای راژە و خانەشینی یەکگرتووی عیراقی ژمارە (٢٦)ی ساڵی (٢٠٠٧) .

١٥. سەبارەت بە ماددەی چواردەهەم تێبینمان لەسەر نیە.

١٦. سەبارەت بە ماددەی پانزدەهەم تێبینمان لەسەر نیە.

١٧. سەبارەت ماددەی (شانزدەهەم) پێشنیاردەکەین:

ڕێژەیەك لە بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و بەم شێوەیە دابەش بکرێت:.

أ. قەرزی خانووبەرە بۆ گوند و ناحیەکان ببیتە (٣٠)ملیۆن دینار و بۆ قەزا و سەنتەری پارێزگاکان ببیتە (٢٥) ملیۆن دینار؟

ب. سەبارەت برگەی (٤) ئەم ماددەیە پێشنیار دەکەین وەکو برگەکانی (٢و٣) قەرزبە هاولاتیان بدرێت بۆ پالپشتی کردنی پرۆژەکانی گەشت ەگوزاری ، وەبەم شێوەیە دارشتنی بۆ بکرێت:

(منع قروض سیاحیة عد طریق المصرف السیاحي لدعم المشاریع السیاحیة في الاقلیم)

١٨. سەبارەت بە ماددەی ( حەوڤدەهەم ، هەشەدەهەم ، نۆزدەهەم ، بێست ، بێست ویەك ، بێست ودوو ، بێست سێ ، بێست وچوار ، بێست پێنج ، بێست شەش ، بێست وحەوت ، بێست وهەست، بێست ونۆ، سێیە ، سێ ویەك ، سێ دوو، سێ وسێیە) تێبینمان لەسەرنیە.

لەگەل ڕێزماندا....